# پەیوەندیەکانی ئەمریکا-ڕوسیا ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستیەکان

نووسینی: تۆماس گرام
سۆران ئەمین تایبەت بە کوردپرێس وەریگێڕاوە

کوردپرێس
2009

پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو ڕوسیا لە ئێستادا و لە دوای هەرەسی یەکیەتی سۆڤیەت لە نزمترین ئاست و بێ ئومێدیەکی گەورەو قوڵدایە, تێڕوانین وبەڵێنە کان بۆ بنیادنانی شەریکایەتی ستراتیژی کە جورج بوش سەرۆکی ئەمریکاو ڤلادمیر پوتین سەرۆکی ڕوسیا ولە لوتکەی مۆسکۆ لە( سەینت پێتراسبێرگ) لە مانگی مایسی 2002بە ئومێدو گەشبینیەکی گەورەوە خستیانە ڕوو بەهەدەر چوون, لە بەر جیاوازی و ناکۆکیەکان لە سەر چەندین تەوەرو مەسەلەی گرنگ و بایەخدار بە نسبەت هەردوو ووڵاتەوە, لەوانە جیاوازی و ناکۆکیەکان لەسەر جەنگی عێراق و هەڕەشەکان و ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆر (بە تایبەت لە چیچان) ,هەروەها ئاسایشی ووزەو سەرهەڵدانی شۆڕشی پرتەقاڵی لە(یۆکراین) کۆماری یەکیەتی سۆڤیەت پێشوو هەروەك گەشەسەندن و پێشکەوتنەکانی ناوخۆی روسیا .وتەی (ڤلادمیر پوتین) لە کۆنفرانسی ئاسایشی نێودەولەتی کە لە شاری مونیخ لە ئەڵمانیا لە ساڵی 2007 بەڕێوەچوو ڕەتکردنەوەیەی راستەوخۆو ڕەسمیی بانگەشەو هەوڵەکانی ئەمریکا بوو بۆ بنیادنانی جیهانێکی تاك جەمسەری.
ئەوەش هەوڵێك بوو بۆ بەرجەستەکردن و ڕەنگدانەوەی نارەزایی و سکالاَکانی ڕوسیا لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەکانی ئەمریکا کە بەنیازی جێبەجێکردنیان بوو .,ئامادەنەبونی ئەمریکا بۆ وتوێژکردن لەسەر کۆنترۆڵکردنی چەك و بە سەربارزیکردنی ئاسمان ( Militarization of space ) و دانانی سیستمی بەرگری موشەکی ئەمریکا لە ئەورووپاو فراوانبون و پەل وپۆهاویشتنیی ناتۆ (رێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتڵەنتیك) ,هەروەهاپەیڕەوکردن و گرتنەبەری سیاسەتی جیاوازیکردن لەنێوان کۆمپانیا ڕوسیەکان کە لە دەرەوەی ئەو ووڵاتە وەبەرهێنان دەکەن ,جەختکردنەوە لە سەر رێکخراوی ئاسایش وهاریکاری لە ئەوروپا مەوداو ئاستی داڕمان و نغرۆبوونی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو ڕوسیای دەستنیشان و بەرجەستەکرد .
راگەیاندنی چوارچێوەی ستراتیژی ڕوسیا و ئەمریکا کە لە لایەن هەردوو سەرۆکەوە لە هاوینە هەواری( سوچی) لە مانگی نیسان ساڵی 2008 خرایە ڕوو ئاڵۆزی و ناکۆکیەکانی ڕاگرت , بەلاَم مەوداو بواری بردنە سەرو بەجێهێنانی بەڵێنەکان کەوتە جێی شك و گومانەوە, ئەوەش لەگەڵ هاتنی ئیدارەیەکی نوێ لە( مۆسکۆ) و کۆتایی هاتن بە کارو چالاکی ئیدارەیەکی (ناکارامە) لە واشنتن.
(کە جارێکی تر دەرفەتی دوبارە هەڵبژاردنەوەی نەبوولە لایەن دەنگدەرانی ئەمریکاوە ).
چیرۆکەکە زۆر هاوشێوە لەیەك چوو بوو لە دەیەی یەکەمی دوای هەرەس هێنان یەکیەتی سۆڤیەت .سەرۆك( بۆریس یەڵسن ) "دەستی دۆستایەتی و هاریکاری بۆ خەڵکی ئەمریکا" درێژکرد .هەروەها سەرۆك( بیل کلینتۆن ) بانگەشەو قسەی دەربارەی "هاوپەیمانی ستراتیژی دەکرد لەگەڵ ڕوسیایەك کە پەرە بە ریفۆرم بدات بیکاتە ئەجندای سەرەکی خۆی " ئەمریکیەکان گەشبین بوون بەبەرەو پێشچونی ڕیفۆرمی ئابوری و دیموکراتی خێرا لە روسیا کەشان بە شانی ئەمریکا لە گەشەو برەودابێت. هاوکات ڕوسیەکان وایان پێشبینی دەکرد کەبەگەرمی و خۆشحاڵیەوە لە لایەن ئەورووپیەکانەوە پێشوازیان دەکرێت (هەروەك رابردوو) ,ئەوەش لە بەرامبەر ئەم هەنگاوکارەیان و هەروەها ڕۆڵیان لە کۆتایی هێنان بە مێژوو .بە کۆتایی هێنان بە کۆمۆنیسم وەك بزوتنەوەیەکی جیهانی,هەموو ئەو هیواو ئومێدانە نەمان و لەناوچوون, بە هۆی قەیرانی دارایی روسیا لە ساڵی 1998 هەروەها ناکوکی و جیاوازییە زۆروقوڵەکان لەسەر هەڵمەتە سەربازیەکانی ناتۆ دژی یوگسلاڤیا لە ساڵی 1999 ,پەیوەندیەکان بەئاڵۆزی مانەوە تاوەکو سەرەتای مانگەکانی دەستبەکاربوونی ئیدارەی سەرۆك بوش – ئیتر روداوەکان لەسەر هەمان شێوازو ریزم دوبارەدەبنەوە .

چی ڕویداوە ؟

له هەردوو وولأت بیرو ڕاو تێڕوانینێکی بەرفراوان هەیە کە مەسەلەکان بە ئاقارێکی خراپدا ڕۆیشتوون –و لایەنی بەرامبەر تاڕادەیەکی زۆر لە هەڵەدایە.بەلأم بە ڕوانینێکی بابەتی و ئیجابیانە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و روسیا ,هەروەها جیهان بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئاستەنگیە سامناك و ترسناکەکانی بەردەم بنیادنانی پەیوەندیەکی ئیجابی درێژخایەن لادەدەین (کێشەش نییە ئەوەی کە شارەزایان دەینوسن و و سەرکردە سیاسیەکان دەیلێن دەربارەی کۆتایی هێنان بە مێژوو), لە خشتەبردنی دیموکراسی و بازاڕی ئازادو ئاشتی ),
.بەلأم هێشتا کاریگەریەکانی جەنگی سارد ماونەتەوە (باکگراوندی سایکۆلۆژی گونجاو نییە )بەتایبەت لایەنی بیرۆکراسی,دەزگای ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا-ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی , وەزارەتی بەرگری, ئاژانسی ناوەندی هەواڵگری سی ئای ئەی-پێکهێنرا هەروەها بەشی(وەزارەت) دەرەوە زۆر بەزویی گەشەی سەند وەك راستیە نەخوازراوەکانی جەنگی سارد کە کاریگەری خراپی جێهێشت لەناو بیرو هزری هەموان(لایەنی بەرامبەر).هاوکات دەزگای زل وزەبەلاحی ئاسایشی یەکیەتی سۆڤیەت لەدوای کۆتایی جەنگی سارد جەختی کردەوە لەسەر "دوژمنە سەرەکیەکە" واتە وویلایەتە یەکگرتووەکان.راستی و بەڵگەی ئەم بیرۆکراسیە لە ناکۆکی و ململانێیە جیهانیەکانی ئەمریکا-روسیا رەنگیدایەوە و رەگ و ڕیشەی داکوتی . لەلایەکی ترەو ە دابونەریتە چەسپیوەکان(العادات السابتە) ونەما ن ودارمانی متمانە لە نێوان ئەو دوو هێزە جیهانییە لە شەوڕۆژێکدا وون نابن یاخودچارەسەرناکرێن.
بیرۆکراسی ئەمریکا رێکخراو لەسەر راستیە نوێیەکان (لاوازبونی بەرهەڵستی روسیا بەرامبەر ئەمریکا ) کاریگەری خراپی هەبوو,هەرچەندە لە روسیا پرۆسەی بیرۆکراتی جیاوازبوو ,بەلأم ئاکامەکە چونیەك بوو: دەزگای ئاسایشی نیشتمانی دوای چەندین ساڵ لە ئاشوب و ئاڵۆزی لە ساڵی نەوەدەکان پێکهێنرایەو سەرلەنوێ لە ساڵانی 2000 گوروتینێکی نوێی پێ بەخشرایەوە .تۆمەتبارکردنی ئەمریکا بە ئاستەنگی دروستکردن بۆ روسیا ,تێڕوانینێکە کە هاوتەبایە لەگەڵ بیرو هزروتێڕوانینی ئەم دەزگایەدا.
بەدوورو بەدەر لە بیرۆکە باوبلأوەکان(الافکار الشائعە),ڕوداوەکان بەرەو ئاراستەیەکی جیاوازو دوو جەمسەردارۆشتن (بەهێز و لاواز).
لەماوەی زیاتر لە پانزە ساڵی ڕابردوودا,هێزو دەستەلأت لەلایەك بووە لاوازی و بێدەستەلأتی لەلایەکی ترکەئەوەش ئاستەنگی وبەربەستی گەورەبووە لەبەردەم پێشکەوتنی پەیوەندیەکان.بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان ,سالأنی 1990سالأنی گەشەکردنی خێرای ئابوری بوو پاوانخوازی دەستەلأت و شانازیکردن بە تاکە هێز لە جیهاندا.بەنسبەت ڕوسیاشەوە,سەردەمەکە سەردەمی کێشەوڕوشانی ناوونابانگی نیشتمانی و داڕوخانی ئابوری کۆمەلأیەتی بوو کە پێشتر بێوێنە بووە,بەتایبەت بۆ وولأتێك کە لە جەنگێکی گەورەدا نەدۆڕاوە .لەوە ئەنجامەشەوە ویلایەتەیەکگرتووەکان بووە هێزێکی شۆڕشگێر,کە هێزو دەستەلأکەی بەکارهێنا بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی جیهان بەو شێوەی کە خۆی دەخوازێت و مەبەستیەتی,ڕوسیا خوازیارە بەتەمای گەرانەوە بوو بۆ باری پێش ساڵی 1991, لانیکەم لەڕووی هەڵوێست و پێگەی جیهانییەوە.هەشت ساڵی کۆتایی چیرۆکێکی جیاواز دەڵێت ( چیرۆکەکە جیاوازە),یەکێك لە و شتانەی کە پێشبینی نەدەکرا هەستانەوەی ڕوسیا و هەروەهاوەستانەوەی بوو بەرووی ئەمریکا (کەلە قوڕو چڵپاوی تەنگژەکاندا ڕۆچووە) هەروەها لاوازیی ئەمریکا بوو لە هەوڵکانیدا بۆ دوبارە داڕشتنەوەی جیهان بە تایبەت کە ئێستا ڕووبەڕووی هەڵکشانی تەنگژەی ئابوری ناوخۆ بۆتەوە- لاسەنگی هێزو جیاوازی ئیمکانیت سەرچاوەی دارایی هێندەی تر کێشەکان ئاڵۆز دەکەن - بەلأم سەرباری ئاستەنگی و ئەرکە قورسەکان ئەمریکا وەك زلهێزترین وژیرترین دەستەلأت لە جیهاندا ماوەتەوە

که ئەرك و لێپرسراوێتی گەورەو   ئامادەبونیی لە سەرتاسەری جیهاندا هەیەکە ئەوەش لەکلتورو مێژوو بیرو راو هەستی نیشتمانی ئەو وولأتەوە هەڵقوڵاوەو سەرچاوەی گرتووە ,بڕواو متمانەیەکی بەهێز بەوەی کە بڵاوکرنەوەی دیموکراسی لە بەرژەوەندی ئاسایشی ئەمریکاو بەرەو پێشچونیەتی,هەرچەندە لە ئێستا و کاتەکانی تریشدا جەماوەر یاخود خەڵکی بەگومانەوە سەیری هەوڵکانی ئەمریکا دەکەن بۆ سەرکردایەتیکردی جیهان و جێبەجێکردنی ئەرکەگران وقورسەکان .ئاستەنگەکانی بەردەم ئەمریکا  ئاشنایەتی و هەڵکردن و خۆگونجانە لەگەڵ جیهانێکدا کە بۆشایی و کەلێنەکانیی بالأدەستی
بەرتەسك دەبێتەوەو بەرژەوەندی دەستەلأتە باڵاکەی تر گرنگ و بایەخدارە بۆ دەستەلأتەکەی دی بۆ مانەوەی لەو باردۆخەی کە تیایەتی.بە پێچەوانەوە سەرباری هەستانەوەی روسیا لەو باردۆخەی خۆیدا ماوەتەوە چەندین ئاستەنگی و مەترسی رووبەرووی بۆتەوە لەوانە ئاستەنگی ئابوری کە ئەوەش پێویستی بەکۆکردنەوەی سەرجەم تواناو ژێری و سەرمایەوسەرچاوەکان هەیە ,هەرچەندە کە ئەوانەش بەدیبێن روسیا ناگاتە ئاستی پێشکەوتنی ئەمریکا بە تایبەت لەرووی ئابوریەوە کە روسیا چەندین جار لەدوای پێشکەوتن و ئابوری ئابوری ئەمریکا دێت.
داب و نەریتی و کلتوری   جەنگی سارد لاسەنگی و نایەکسانی  دروستکردووە لە هەلسەنگاندنەکانی هەریەك لە ئەمریکاو روسیا سەبارەت بە سیاسەتەکانی دەرەوەیان ,ونیگەرانیەکان و جیاوازیەکانیان زیاتر کردو قوڵتلر کردەوە لە جیاتی ئەوەی هەردوو وولأت پێکەوە لیك نزیك بکەنەوەوکۆبکەنەوە.پایزی 2004 پەلامارە تیرۆریستیەکانی بێسلان لە مانگەکانی ئۆگەست و سێپتەمبەر ,شۆڕشی پرتەقاڵی  لە یۆکراین لە مانگی نۆڤەمبەرو دیسەمبەر خاڵی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندیەکانی نێوان بوش و پوتین. دوا تێپەربوونی ماوەیەکی کەم بەسەر پەلامارەکانی بێسلاندا لە ئاماژەیەکی نارەستەوخۆدا بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان  ,پوتین قسەی دەربارەی ئەو هێزانە کرد کە تیرۆر بەکاردەهێنن  لە هەولەکانیاندا بۆ زیانگەیاندن بە ڕوسیا وەك هێزێکی خاوەن چەکی ئەتۆم رووبەرووی مەترسیان دەکاتەوە ,لە چەند ئاماژەیەکی تریشدا بۆ ئەمریکا دوای شۆرشی پرتەقاڵی لە یۆکراین ڤلادمیرپوتین هۆشیاریدا بەرامبەر ئەو کەس و لایانانەی کە دەیانەوێ کە جیهان بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان رێك بخەن (تاك جەمسەر) کە ئەوەش گۆرانی گەورە بوولە شەریکایەتی ستراتیژی لە روانگەی روسیاوە. هاوکات ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای پەلامارەکانی بێسلان رەخنەی توندی گرت لەسستی و خاویی ریفۆرمی سیاسی پوتین هەروەها لە پاشەکشەکردنی دیموکراسی روسیا ,بوش داوا لە ولاتانی ئەوروپا کە کە سەرزەنشتی پوتین بکەن و تۆڵەی سیاسەتەکانی لێبکەنەوە , رەخنەکان ئەو کاتە توندتر بوونەوە کە تیایدا  زۆربەی وولأتانی ئەوروپا بۆیان دەرکەوت کە روسیا بە توندی دەست وەردەدات لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یۆکراین لە سالی  2004بۆ  بلۆکردن وشکست هێنان بە شۆڕشی پرتەقاڵی و بەرهەڵستی کردن لە دەنگدەرانی یۆکراین کە ئەوەش دوبارە گۆرانێکی گەورە بوو لە تێروانین و شەریایەتی ستراتیژی  ئەمریکا .دەسپێکردنی قۆناغی دووەمی سەرۆکایەتی بووش پەیوەندیەکانی ئالۆزتر کردووە , وتاری دەستبەکاربونی بوش لە ساڵی 2005رووپۆشی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکای کرد .لە وتەیەکدا کە بە بۆنەی دەستبەکاربونی پێشکەشی کرد لە ساڵی 2005 پەرەپێدانی دیموکراسی کردە ئەری یەکەمی سیاسەتەکانی دەرەوەی وولأتەکەی پابەندی ئەمریکای بەو سیاسەتەوە دوپاتکردەوە, ووتی پشتیوانی و پابەنین بە هاریکاری ئەو بزوتنەوەو دامەزراوانەی لە هەرووولأت و کلتورێدا کە ئامانجی سەرەکیان بلاوکردنەوەی دیموکراسی و ئازادیە لەجیهان و کۆتایی هێنان بە رژێمە خوێن رێژەکان لە جیهانەکەمان.ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی ڕوسیا کەئەمریکا سورە لەسەر هەوڵی دارشتنەوەی سیستمی جیهانی دەدات لەسەر شێوازو ستایڵی خۆی .

,ئەوەی نیگەرانیەکانی ڕوسیای زیاتر کرد زنجیرەیەك وتاری تری بوش بوو لە هەمان ساڵدا دەربارەی ئاسایشی وزەو ئاسایشی جیهان و ڕێگرتن لە بلاَوبونەوەی چەکی ئەتۆم ,لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا روسیا تاکیدی کردۆتەوە لەسەر ئاستەنگی دروستکردن لەبەردەم کارەکانی ئەمریکاو پلانی جێگیرکردنی سیستمی بەرگری موشەکی لە خۆرئاوای ئەوروپا و هەروەها بەرفراوانترکردنی بەردەوامی ناتۆ بەرەو سنورەکانی روسیا ,هەموو ئەوانەش لەبەرامبەر دەستوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆی ڕوسیا و دەولەتانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو رازینەبونی ئەمریکا بە وەی روسیا رۆلی زلهێزێکی جیهان بگێڕێت .چەند هۆکارێکی تر لەوانە ڕەخنەگرتنی بەردەوامی ئەمریکا لە سیستمی فەرمانرەوایی روسیا کە بەرژێمێکی ناپەسەندی سەیر دەکات.

چوارچێوەی نێودەولەتی پەیوەندیەکانی ئەمریکا _ڕوسیا

بە کۆتایی هاتنی خولی دووەمی سەرۆکایەتی پوتین لە مانگی مەی 2008 ,پێویستە بزانرێت کە ناوەرۆکی پەیوەندیەکانی ئەمریکاو ڕوسیا تا چەند کاریگەرە بە ئەجندای جەنگی سارد.لێرەدا جەخت دەکرێتەوە لەسەر بالانسی هێز لە ئەوروپا : بەرفراوانبونی ناتۆو بنکە سەربازیەکانی ئەمریکا لە بولگاریاو ڕۆمانیا پلانی ئەمریکا بۆ جێگیرکردنی سیستمی بەرگری موشەکی لە ئەوروپا باڵکان (بەتایبەت کۆسۆ)پشتبەستنی ئەوروپا بە ڕوسیا ,ئەمە بەبێ گومان ,گەڕانەوە نییە بۆ جەنگی سارد,هەردوو وولاتی زلهێز بە دوو ئایدۆلۆژی ڕادیکاڵی جیاوازەوە لە کێبرکێ جیهانیەکان تێوەگلان و بەشدارن . بەلاَم جەختکردنەوە لەسەر ئەوروپا لە هەمانکاتدا دورمان دەخاتەوە لە بنەماو سیستمە نێودەولەتیەکان ,کە بنەما دەرەخسێنێ بۆنزیککردنەوەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا_ڕوسیا, ئەوبارودۆخ و حاڵەتەش سەردەمێکی هێنایە کایەوە لە پشێوی و هە ڵچوون و داچونی سیاسی .لەم جیهانەی ئاڵۆزوپشێوەدا ڕوسیاو ئەمریکا هەڕەشەن بۆ سەر یەکیتر ,بە پێچەوانەی بارودۆخی جەنگی سارد ,لەهەمانکاتدالە چەند بنەماوئامانج و هەروەها لە رووبەرووبونەوەی هەندێ لە ئاستەنگیەکاندا یەکسان وهاوبەشن,ڕوسیا لەبەر شوێنی جوگرافی هەروەها ڕۆڵ وبایەخی لە جیهاندا,بۆیە پێویستە پەیوەندیەکی نوێ ئەمریکاو روسیا هەوڵی کالکردنەو ئاسایکرنەوەی یەکجاری پەیوەندیە دوو قۆلیەکانیان بدەن هاوکات لە گەڵ ئەوروپایەکدا کە بەردەوام لە گەشەسەندن و بەرفراوانبوندایە پەیوەندیەکانیان پەرەپێبدەن, و پێویستە میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ روبەروبونەوەی هەرەشەکان بۆ سەر ئاشتی و ئارامی جیهان وپەرەسەندنی نائارامی و توندوتیژیەکان لە خۆرهەلاتی ناوەراست .هاوکات پێویستە روسیا و ئەمریکاپەیوەندیەکانیان لەگەل چین رێکبخەن و پێکەوەش مامەڵە یەکی دروست بکەن لەگەڵ لایەنە تاریك و سلبیەکانی بەجیهابوون.هاوکات پێویستە ئەمریکا و ڕوسیا لە چەند ئاست وبوارێکی پڕ بایەختری ستراتیژیی هاریکاری یەکدی بکەن ,لەوانە نەتەوەیەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی ,جی هەشت, و بانکی دراوی نێودەوڵەتی.جیهانی (بۆ نمونە ڕۆڵی دیموکراسی و نەتەوەیەکگرتووەکان)
بە دڵنیاییەوە ئاستەنگیە هاوبەشەکان وەك بەرژەوەندی هاوبەشە کاتیە .هاوکات جیاوازی قوڵ هەیە لە ئەمریکا و ڕوسیا بۆ مامەڵە کردن ڕێکخستنی ئەم پەیوەندیانە بەلاَم پرسیارەکە کەپێویستە هەردوو لاَت بیکەن ئەوەیە :چەندە گرنگە ولاَتی بەرامبەر سەرکەوتوو بێت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی لەوانە :
*هەڵوێست وبەرپرسیاری ئەمریکاو روسیا لە ئاست کێشەی بلاَوبونەوەی چەکی ئەتۆم و تیرۆری نێودەوڵەتی .

+ڕێکخستنی ئابوری جیهان و ڕێگرتن له قەیرانەکان.
له خۆرهەلاتی ئاسیا بایەخ پێدانی که بەناوچەیەکی دەوڵەمەند دا دەنرێت له ڕووی سەرچاوەکا سروشتیەکان.

+ خۆرهەلاتی ناوەڕاست: هەردوو وولات زیاتر کاربکەن بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و ئارامکردنەوەی ناکۆکی و ململانێکان.
+له ئەوروپا ,ڕوسیا بۆ دابینکردنی وزه زۆر به بایەخه هاوکات ئەمریکا له پێگەکەی خۆیدا دەمێنێتەوه سەبارەت به ئارامی و ئاسایش لەو کیشوەرەدا.
+له چەند مەسەلەیەکی تریش –لەوانه وزەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی ئاشتی ومەدەنی ,گۆرانی کەش و هەوا ,نەخۆشی وپەتاکان.که هەردوو وولات توانایەکی باشیان هەیه بۆ بەشداریکردن نەهێلان و قەلاچۆکردنییان هەروەها هەردوو وولات دەتوانن سودی زۆر له تواناو زانستی گەوره و زەبەلاحی یەکتر وەربگرن.

+ناوچەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو گرنگه بەنسبەت هەردوو وولاتەوه بۆیه پێویسته پێکەوه کاربکەن بۆ بنیاتنانی ئاشتی و ئارامی هەمیشەیی و گەشەپێدانی ئابوری.بەکورتی وا باشتره که لەسەرجەم بوارەکاندا ئەمریکاو ڕوسیا به هاوبەشی کاربکەن هەروەها جیاوازیەکانیان ڕێك بخەن نەك گەورەیان بکەن .چونکه ئەوەی ئەمرۆ دەگوزەرێ و ڕوودەدات له بەرژەوەندی هیچ لایەنێك نییه.

ڕوانینێك تەمومژاویی بۆ باشبوونی پەیوەندیەکان:-

ئیدارەی نوێ له ڕوسیا له ساڵی 2008و ئیدارەی ئەمریکا له ساڵی 2009دەرفەتێکی ڕەخساند بەئاراستەی باشبونی پەیوەندیەکان ,بەلام ڕونەبۆتەوه که ئەو دەرفەته کەڵکی لێوەردەگیرێت یاخودبقۆزێتەوه .
له ڕوسیا کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن هەست و نەستی دژی ئەمریکا کەمکردەوه .ئاستەنگیەکانی بەردەمه لەو وولاتەدا ل ئێستادا بریتیه له بوژانەوەی ئابوری هەروەها بانگەشەکردنه بۆ باشبونی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکا و بایەخدان به تەکنەلۆژیا که سەرچاوەوەیەکی داهاته بۆ ڕوسیا.سەرکردایەتی ڕوسیا درکی بەوه کردووه که ڕووبەڕوبونەوه لەگەڵ ئەمریکا زیانی هەبووه ,هەرچەنده که چەند عنصرێك له ناونوخبەی ڕوسیا هەیەکه سود له بەردەوامی گرژیەکان دەبینێت لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکان.ئەوەش لەبەهێزێکی پێگەی نێوخۆیان له روسیا دژی هێزه لیبراڵەکان که دەوروبەری دیمیتری میدڤیدیڤ سەرۆکی ڕوسیا کۆبونەتەوه.ویلایەته یەکگرتووەکان ئیارەی نوێ له مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2009 دەستبەکاردەبێت که سەرقاڵ دەبێت به سیاسەتەکانی روسیا وەك بەشێك له چاوخشاندنەوه وپیا چونەوه به سیاسەتەکانی دەرەوه بەلام تا ئێستا ئەمریکا هیچ ئاماژەیەکی پیشاننەداوه به ئاراستەی پتەوکردنی پەیوەنیه دوو قۆڵیەکان ,هێشتا کاتی ئەوەش نەهاتووه که بەرپرسیارانی حکومەت تێڕوانینەکانیان بگۆڕن ,سیناتۆر جۆن مەککەین داوایکرد که کۆمەڵی دیموکراتی پێکبهێنرێت .
(وەك ئەلتەرناتیڤی نەتەوه یەکگرتووەکان ) بەمەبەستی دەرکردنی ڕوسیا له G8که ئەوەش خزمەت به بەرژەوەندیەکانی هەردوولاناکات بەلام ڕەنگه کاردانەوەی باشی هەبێت لەسەر بانگەشەو هەلمەتەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا. ئاماژەکانی باراك ئۆباما بۆ هاریکاری لەگەڵ ڕوسیا له بواری ئەتۆمدا هەنگاوێکی ئیجابی بوو به ئاراستەی بنیادنانی

پەیوەندیەکان .هاوکات ئۆباما بەردەوام ڕەخنەی ئاراستەی ڕوسیا کردو بەتایبەت مەیل و خواست بالاّ دەست بونی ڕوسیا .
سەرباری ئەوانەش پەرۆشیەکی زۆر هەیە لە ڕوسیاو ئەمریکا (هەردوولا) بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکی و جیاوازیەکان لەبەرئەوەی هەردوولاَت هیچ هەڵبژاردنێکی تریان لەبەردەم نییە تەنیا کارکردنی هاوبەش وپێکەوەیی نەبێت.

لەکۆتایدا بنەمای بنیادنانی پەیوەندیەکی درێژخایەن و پتەو لە نێوان حکومەتی مۆسکۆ و واشنتن لاوازە ,لە مۆسکۆ ,لوتبەرزی و خۆبەزل زانینی ئەو وولاَتە بۆ پەرەپێدانی تواناو دەستەلاَتی پێگەیەکی بەهێزی بەو وولاَتەبەجێهێشتووە بەلاَم بارێکی قانونی و شەرعی نابەخشێت بە ئەمریکا (بۆ نمونە لە مەسەلەی دانانی سیستمی بەرگری موشەکی و مەسەلەی وزەو لە کۆماری پێشووی یەکیەتی سۆڤیەت و هەروەها لە هەرێمی کۆسۆڤۆ )جگە لەوەش کێ بڕکێیی زیاتر و تینویەتی بۆ تۆڵەسەندنەوە زیاترکردووە , لە بەرامبەر بێڕێزی ئەو سوکایەتی و بێڕێزی نواندنەی کە لە ساڵی نەوەدەکاندا ئەمریکا بەرامبەر روسیای کردی و نواندی بووە هۆکارێك بۆدورە پەرێزی و دورکەوتنەوەی روسیا لە هاریکاریکردنی ئەمریکا, کە نەهامەتیەکانی ئەمریکای لە جەنگی عێراق و ئەو زیانانەی کە بەر ئەمریکا کەوت لەو جەنگەدا زیاتر کرد .

گومانی واشنتن بەرامبەر هەستانەوەی ڕوسیا بایەخدان بە مەسەلەکانی تر چەند پرسیارێکی وروژاند سەبارەت بە ئاستی هەوڵەکان بۆ بەرەو پێشخستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ وڵاتێکدا بەتێڕوانینی واشنتن گرنگیەکی ئەوتۆی نییە ...ئەوەی جێگەی ستایش و خۆشحاڵیە کە ڕوسیا پابەندبونی بەهێزی خۆی پیشانداوە بۆ مۆدێرنە, لە نێویاندا هەڵمەتەکانی دژی گەندەڵی ئەو هەنگاوەش ڕەنگە بەشداربیکات لە بەخۆداچونەوەی حکومەتی واشنتن, لە کاتێك دا .کەئیدارەی نوێ سورە لەسەر دنەوەی برواو متمانە بە خۆی .

بەرەو بنیادنانی پەیوەندیەکی باشتر:-

سەرباری ئەوە ئەگەر (پێچەوانەی واقعەکەوە یاخود پێشبینیەکانەوە )هەردووولاَت لە هەمان کاتداهەست و درك بەوە دەکەن کە پێوستە کاربکەن بۆ پتەوکردنی پەیەوەندیەکان .ئەوا دەبێ چی بکەن ؟
یەکەم هەنگاوێکی بنەڕەتیی بنیادنانی متمانەیە.سەرەتای ئەو خاڵەش بریتی لەگەرانەوەی بۆ پرنسیپی دیموکراسی .پەرۆشی یە بۆ ڕچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی لایەنی بەرامبەر تا ئەو ڕادەیەی کە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژیەکان لایەك یاخود لایەنێك بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لایەنەکانی تر نەخاتە مەترسیەوە.ئەوەش لە هەردوو لاوادوخوازێت کە کاری باشتر بکەن بۆ داننان بە بەرژەوەندیەکانی ئەوی دیکەدا ئەوەش بەدینایەت بەبێ بەهێزکردنی کەناڵی دیبلۆماتی (چوارچێوەی ووتوێژکردن_دانوساتدن و جێبەجێکردنی وادەو بەڵێنەکانی بەکردووە).

دوو جیاوازی بنەڕەتی هەیە کە بەرەو پێشچوونی پەیوەندیەکان دەکەن وێنەی ویلایەتەی یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێولیستی پێشینەی ڕوسیا لە پێشترەو گرنگی و بایەخی زیاتری پێدراوە وەك لە وێنەی روسیا لە ئەجنداو لیستی ئەمریکا .
وەك لێپرسراوێتی و دەستەلاَت لە بیرۆکراسی ئەمریکا زیاتر وەلانراوە وەك ئەوەی روسیا.

دوو ڕاستی هەیە کە پێویستە ڕەچاوبکرێت
یەکەم پەیوەندیەکانی ئەمریکا ڕوسیا پێویستە لە ئاستی سەرۆکایەتی وبالأدا بێت لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندیانە پێوسیتە بۆ دڵنیابوونەوە لە سڕینەوەی (سستی ی ئاسەوارە کانی هەموو گومانەکان کە لە دەیەکانی رابردوودا کۆبووەتەوە.بەڵام پەیوەندیەکان لە ئاستی سەرۆکایەتی لە ئاست پێویست و هەل ومورجەکەدا نییە ,لەبەرئەوەی سەرۆکی ئەمریکا بە تەنیا ناتوانێت کە سەرجی ڕوسیا رابکێشێت یاخود جەخت لەسەر ڕوسیا بکاتەوە لە پێناو بەرەو پێشچونی پەیوەندیەکان لەم میانەدا پێویستە ئەرك و لێپرسراوێتی بە کەسانی دیکە بسپێرێت.
دووەم : لەبەر هۆکاری پرۆتۆکۆڵی سەرۆکی ڕوسیا بەشداریناکات لە وتوێژکردن تەنیالە ئاستی بالأدا نەبێت تەنانەت ئەگەر ئەو بەشداریکردنە لەسودو بەرژەوەندی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو ڕوسیابێت.
لەبەر ئەم ڕۆشنای و راستیانە ,ئەوەی کە پێویستە کەسایەتیەکی متمانە پێکراو لەهەر لایەك کەسێکی نزیك لە سەرۆکەوە کە لە داڕشتنی سیاسەتەکانی دەرەوە کارامە بێت بتوانێت بە لێپرسراوێتیەوە لەسەر تێکڕای مەسەلەکانی پەیوەست بە پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا و ڕوسیا قسە بکات ئەو دوو کەسایەتیە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینن لە لاوازەکردنی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی و ڕێکخستنی پەیوەندیەکان هەردوو وولأت لە نێوانیاندا گروپەکانی کارو بەرپرسیارانی مەسەلە سەرەکیەکانی تر لە ئەجندای دەرەوە لەوانە تیرۆزیم و ڕێگرتن لە بلأوبونەوەی چەکی ئەتۆم پەیوەندیەکانی ئابوری و بازرگانیەکان و مەسەلە هەرێمە یاتیەکان.

ئەجندا کە داخراوە,هەرچەندە هەمیشە دیالۆگی نێوان ڕوسیاو ئەمریکا پێویستە بخرێتە چوارچێوەی ووتوێژێکی هەمە لایەن وبەرفراوانترەوە دابەشکردنی جیهان هێزی لە ئێستادا داوە بەدەستەوە .

مەسەلەی ناوەکی و ووزە

تەوەری سەرەکی پەیوەندەکان پێدەچێت هاریکاریکردن بێت لەسەر چوار مەسەلە سەقامگیری ستراتیژی و ڕێگرتن لە بلأوبونەوەی ئەتۆم ,ووزە ئەمانە مەسەلە گرنگێکی لە پێشینەن بۆ هەردوو وولأت لەبەر ئەوەی هەردوولأتی زلهێزی جیهان خاوەن هێزی ئەتۆمی هاوبەش و هێزو لێپرسراوێتی هاوبەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەسەلانە .لەبەرئەوەی هەریەکە لە وڵأتان (ئەمریکا ڕوسیا) سیفاتی جیاکەرەوەی خۆیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەسەلانە, ئەمریکاو ڕوسیا دەتوانن هاریکاری یەکدی بکەن وەك دوو شەریکی یەکسان و هاوتابا بۆ دابینکردنی سەرکردایەتی جیهان.
زۆربەی عەناصرەکان بۆ ئەو جۆرە هاریکارییە لە ئێستادا لە ئارادان : دەستپێشخەری (BRATISLRA)) ی نێوان ئەمریکاو ڕوسیا سەبارەت بە ئاسایشی ئەتۆم لە ساڵی 2005,کە یاریدەدەر وهاریکاربوو بۆ پەرەپێدانی ئاسایش لە بنکەو ناوچە ئەتۆمیەکاندا بە تایبەت لە ڕوسیا ,هەروەها پەرەپێدانی ئەزمون و تواناکان لە بواری وەڵأمدانەوەی خێرا لەو بوارەشدا ئەمریکاو ڕوسیا سەرکردایەتی هەڵمەتێك دەکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هێرشی ئەتۆمی تیرۆریستان کە ئێستا

50 وڵات لەخۆدەگرێت هەروەك هاریكاركردنی هەردووووڵات لەسەر ڕێگرتن لە بڵاوبنەوەی چەكی ئەتۆم هەروەها پەیماننامەی مۆسكۆ بۆ كەمكردنەوەی چەك.
عناصرو ڕەگەزە نادیارەكان لەم نێوەندی هاریكاریكردندا بریتین لە ڕێكەوتن ی نوێ تایبەت لەبەر نزیك بونەوەی وادەی كۆتایی ڕێكەوتنامەكانی پێشوو لە كۆتایی ساڵ 2009,كاری هاوبەش و فعلی هەردوو وولات لەسەر سیستمی بەرگری موشەكی .دانانی چوارچێوەیەك بۆ لەنزیكەوە هاریكاریكردن لە پەرەپێدانی ووزەی ئەتۆمی مەدەنی لە نێوانیاندا دانانی چەند ڕێگەو شێوازو میكانیزمێك بۆ گرێدانی پڕۆگرامی ئەمریكاو ڕوسیا لە پێناو دامەزراندنی (سەنتەری نێودەوڵەتی سوتەمەنی ئەتۆم)كە هەردوو ووڵات سودو قازانجی زۆر لەم هاریكاریكردنە وەردەگرن بۆیە پێویستە هەردوو ووڵات كاری باشتر بكەن لە پێناو بەدیهێنانی ئەو دەستكەوت وئامانجانە .
مەسەلەیەكی گرنگ كە جێبەجێكردنی قورسە مەسەلەی هاریكاریكردنە لە بواری نەوت و گاز هەوڵە زۆروچەند جارە بووەكان (بەردەوامەكان) شكستی هێناوە, بەشێكی زۆری بەهۆی بەیەك نەگەیشتنی بەرژەوەندیەكانە سروشتی ناجێگیری پەرەپێدانی كەرتی وزە لە ڕوسیا ,لەماوەی 15ساڵی ڕابردوودا .لایەنی ئەمریكا جەختیكردۆتەوە لەسەر چۆنیەتی باشتركردنی كەش و هەواو بارودۆخی وەبەرهێنانی تایبەتی ئەمریكا لە كەرتی ووزەی ڕوسیا لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەوەی كە باشتربوون لێرەدا (لەم كەرتەدا)ریفۆرمەكانی بازاڕ (ئابوری) بەهێزدەكات ,هاوكات لایەنی ڕوسیا جەختی كردۆتەوە لەسەر بنیاتنانی ئەو كەرتە بەم دوایانە بەزیادكردنی چاودێری حكومەت و گرنگیدان وەبەرهێنانی لە ناوخۆی ڕوسیا.

بەرەو پێشبردنی لە هاریكاریكردن پێدەچێت بەدی بێت لە (1) ڕازیبوون و دانانی ئەمریكا بە ستراكچەری ئێستای كەرتی ووزەی ڕوسیا و پەرۆشی بۆ وەبەرهێنانی ڕوسیا لە دامەزراوەانی وززە لە ئەمریكا و هەروەها وەبەرهێنانی هەردوو ووڵات لە جیهانی سێیەم, (2) دانانی ڕوسیا بەوەی كە پێویستی بە ئەزموون و شارەزەیانی تەكنەلۆزی كۆمپانیاكانی وزەی ئەمریكا یە لەپێناو برەودان و پێشكەوتن لە كەرتی ووزە زیادبوونی بەرهەم هێنانی ڕوسیا.

پێویستە هەردوو ووڵات مەسەلەی وزەی ڕوسیا بەسیاسەتبكەن وبەتایبەت گاز كە ڕەوانەی ئەوروپا دەكرێت.لە ڕاستیدا ئەوروپا پێویستی بە هەموو ئەو وزە هەیە كە ڕوسیا دەتوانێت هەناردەی بكات بۆ پڕكردنەوەی خواستەكان لە دەییەی داهاتوودا.
بۆریەكانی گواستنەوەی نەوت ڕوسیا كە بنیادنراون و ئەوەشی كە بڕیارە بنیادبنێت پێویست بۆ هەناردەكانی وزە لە ئەمریكا و خۆرهەڵاتی ناوەڕَاست .پێویستە هاریكار بێت لەم بوارەدا كۆمپانیاكانی ئەمریكاو ڕوسیا و ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت تیایدا.
نەك ببێتە زەمینەی پێشبڕكێی توندی گەلان كە یارمەتیدەریش دەبێت.ئەگەر لێپرسراوانی ئەمریكا و ڕوسیا و ئەوروپا دانیان بەوە دەنا كە چۆن شوێن ومەكانەتی جیۆپۆلیتكی بە قازانجی ڕوسیا شكاوەتەوە لەبەر سەرچاوەكانی ووزەی ئەو ووڵاتە,چۆن بۆ نمونە:ئایا ووزەی پشتبەستن بە ڕوسیا ڕوخسارو شێوازی یۆكراین و جۆرجیا و هەر دەولەتێكی یەكیەتی ئەوروپای لە بنەڕەتەوە گۆریوە.

مەسەلە هەرێماتیەكان

له هەموو ئەم مەسەلانەدا پێویستە وتوێژەکانی ئەمریکاو ڕوسیا بخرێنە چوارچێوەیەکی هەمە لایەن و گشتگیرەوە بەرفراوانترەوە.
لە ئەوروپا ئامانجەکە بریتییە لە پەرەپێدان بە دامەزراوەکان کە هاوتەبابێت لەگەڵ ئاستەنگیەکانی سەدەی بیست و یەك 21بەتایبەت ستراکچەری ئاسایشی پان ئەوروپالەگەڵ سێکۆلەکەی بنەرەتیدا ئەمریکاو یەکیەتی ئەوروپاو ڕوسیا کە ئەمەش پێویستی بە ریفۆرمی نویبونەوەی ناتۆو توانەوەیە لە ستراکچەری بەرفراوانتری پان_ئەوروپا ئەنجومەنی ناتو _ڕوسیا بە باشی رێکبخرێت.

راگەیاندنی چوارچێوەی ستراتیژی نێوان ئەمریکاو روسیا زەمینەیەکی لەبار دەرەخسێنێت بۆ هاریکاری و بەرەو پێشبردنی ئابوری هەروەها زەمینە سازکردن لەبەردەم ڕوسیا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە چەند ساڵی ئایندەدا.هەروەك ئەو راگەیاندنە ستراتیژیە هاوبەشە وەبەرهێنان پەرەپێدەدات دیالۆگی کەرتە تایبەت دەرەخسێنێت لەسەر مەسە لە ئابوری و بازرگانیەکان ,هەموو ئەو هەنگاوانە یارمەتیدەرن بۆ بوژانەوەی کەرتی بازرگانی و ئابوری ئەمریکا کە ئەو سەرنجام و دەرهاویشتەش گرنگ و بایەخدارە بۆ بنیادنانی پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان هەردوو وولاَتدا .سەرباری ئەوەش مت بە هەریەك لەو دوو لایەنە پێویستە دڵنیابێتەوە لە مافی شەرعی خۆی سەبارت بە ئاسای شی نیشتمانی کە نەبێتە هۆکاری زیادبونی هەستی رقلێبون لە لایەنی بەرامبەر رێگرتن لە گەشەپێدانی ئابوری و بازرگانی وەبەرهێنان لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستە ئەمریکاو روسیا ئەوە بن کە چۆن یاساکان لەو بوار وانەدا رێکدەخەن لێرەشدا چەند مەسەلەیەکی پەیوەست لە ئارادان کە پێویستە ئەمریکاو روسیاو لەگەڵ لەگەڵ ولاتە زاهێزەکان بایەخی پێبدەن لەوانەبەرێوەبردنی سندوقی دراوی نێودەولەتی و ریفۆرم کردن تیایدا دەبێت چیتر هەژمونی ئەمریکاو ئەوروپابەسەر ئەو بانکەوە نەمێنێت.

یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو ئەم هەرێمە گرنگترین مەسەلەیە بەلای ئەجندای ئەمریکاو روسیا.کێبرکێکان ئەو کاتە چردەبنەوە کە روسیا دەبوژێتەوە ,لەرووی مەبدەئیەوە هەردوو وولاَت پێویستە رێزبگرن لە سیادەو یەکپارچەیی دەولەتەکانی ناوچەکە ,زیاترو بەدەر لەوەش پێویستە ئەمریکا رێز لە رۆلی روسیا بگرێت لە ناوچەکە ,دەولەتانی ناوچەکە بەشێك بوون لە دەولەتی روسیا بۆ ماوەی لانیکەم دوو سەدە .باری ئابوری و سیاسی سەردەمەکە وەك خۆی ماوەتەوە کۆنترۆلکردنی ئەم هەرێمە پێگەیەکی بەهێزو قورسی جیۆپۆلتیکی بە روسیا بەخشیوە هەوەها تائێستا هەستی زلهێزی لە لای روسیا هێشتۆتەوە.لە هەمان کاتدا روسیا دەبێت دان بەو راستیەدا بنێت کە واقعی ئێستا بەتایبەت بەجیهانیبوون وا دەکات کە ئەم هەرێمە نابێت هەرێمێکی خاص تایبەت بێت لەژێر کارگەریەکانی روسیا ولاَتانی تریش لە نێوانیاندا ئەمریکاو ئەوروپا بەرژەوەندیان هەیە لە ناوچە جیا جیاکانی ناوچەکە هەروەك ئامادەیی ئەمریکاو ئەوروپا بەتێپەربونی کات زیاتردەبێتئاستەنگی و تەحەداکان لەبەردەم ئەمریکاو روسیا بۆ سربنەوەی کێبرکێکان نییە بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ریگایەکە بۆ هاریکاری و مەسەلەکانی تر .یۆکراین گەورەترین ئاستەنگی و تەحەداکەیەپێویستی بەوە هەیە کە یۆکراین خۆی لە روسیا جیابکاتەوە.